# کورد ستار

**کورد ستار... بەرنامەیەکی نوێ بۆ پێگەیاندنی گۆرانیبێژان**

**ئامادە و پێشکەشکاری بەرنامەکە:"دەمانەوێت ئەمجارە بەشێوازێکی ئەکادیمییانە گۆرانیبێژ پێبگەیەنین"**

ئا: پشتیوان جەمال

پاش ساڵێك دابڕان لە پێشکەشکردنی بەرنامەی موزیکیو گۆرانی، موزیسیان نیاز نوری جارێکیتڕو بە بەرنامەی(کورد ستار)دەیەوێت بە ستایلێکی نوێ و ئەکادیمییانە گەنجانی کورد بۆ گۆرانی وتن هانبدات.

دوایئەوەی لە چەند ساڵی رابردوودا موزیسیان نیاز نوری بەرنامەی(سۆزی ئاواز)ی لە کەناڵی کوردسات ئامادەو پێشکەش دەکرد، ئەمساڵ بەنیازە لە گۆرانکارییەکدا و بە ستایلی نوێ کار بۆ ئامادەکردنی بەرنامەی(کورد ستار)بکات.

نیاز لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتی رۆژنامەی هارمۆنی و پێش پێشکەشکردنی یەکەمین ئەڵقەی بەرنامەی نوێیەکەی ئەوە بۆ خوێنەرانی هارمۆنی روونیدەکاتەوە کە ئەمجارە کەناڵی کوردسات دەیەوێت لەرێگای ئەو بەرنامەیەوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و پرۆفێشناڵانە گەنجانی کورد بەرەو هونەری گۆرانی وتن رابکێشێت.

ئەم بەرنامەیە وەك نیاز روونیکردەوە هەموو کەسێك لە تەمەنەکانی(١٧)ساڵی و بەرەو ژوور بۆیان هەیە لە پێشبڕکێی ئەو بەرنامەیەدا بەشداری بکەن.

ئەم بەرنامەیەی کوردسات لە سێ قۆناغ پێکدێت کە لەلایەن لیژنەیەکی دادوەری چوار کەسییەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو




بەهرەمەندانە دەکرێت، ئەو بەهرەمەندانەی لە قۆناغی یەکەمدا دەردەچن، لە قۆناغی دووەمدا هەندێك زانیارییان لەبارەی پەروەردەی موزیکییەوە پێدەوترێت بۆئەوەی فێری هەندێك لە وانەی(سۆڵفێچ و تیۆری)موزیکی گۆرانی ببن بۆئەوەی شارەزای پەیژە و مەقامە کوردییەکان ببن.

پاش دەرچوونی بەشێکی ئەو بەهرەمەندانە لە قۆناغی دووەمدا و چوونیان بۆ قۆناغی سێیەمی بەرنامەکە، ئەو لیژنەیە ئاشنایان دەکەن بە پەوەردە و رۆشنبیری موزیك و دەنگ، پاشتڕو لە کۆتایی قۆناغی سێیەمی بەرنامەکەدا خەڵکی دەتوانن را و سەرنجی خۆیان بە کورتە نامە sms بۆ هەڵبژاردنی تەنها بەهرەمەندێك بۆ بەرنامەکە بنێرن، کە دواتر ئەو بەهرمەندە دەبێتە(کورد ستار)ی ئەو وەرزەی بەرنامەکە و لەسەر ئەرکی کەناڵی کوردساتیش، ئەلبومێکی گۆرانی بۆ ئامادە دەکرێت.

ناوبراو ئەوەشی رەتکردەوە کە ئەم بەرنامە نوێیە درێژکراوەی دوو بەرنامەکەی پێشتڕی کوردسات بێتو هێمای بەوەدا کە ئەوان ئەمجارە لەم بەرنامەیەدا مەبەستیانە لە هەموو رووەکانەوە کارێکی نوێگەری ئەنجامبدەن.

بەڵام ئامادەکاری ئەو بەرنامەیە ئامادە نەبوو لەم کاتەدا ژمارەی ئەو بەهرەمەندانە ئاشکرا بکات کە پەیوەندییان بە بەرنامەکەوە کردووە، تەنها ئەوەی روونکردەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی ناوەوە دەرەوەی وڵات پەیوەندییان بە بەرنامەکەوە کردووەو وتی"تا کاتی دەرچوونی رۆژنامەکەی ئێوە ئێمەش لە کەناڵی کوردسات کات و شوێنی یەکەم چاوپێکەوتنی ئەو کەسانە رادەگەیەنین".

هەروەها ئەوەشی وت کە لە یەکەم رۆژی چاوپێکەوتنەکەدا فۆرم دەدرێت بە بەهرەمەندەکان و ژمارەیان دەدرێتێ و راستەوخۆ لیژنەی دادوەری چاوپێکەوتنیان لەگەل دەکات و ئەنجامەکەشیان پێدەڵێت.

پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێ لە گۆرانیبێژان لەلایەن ئەم بەرنامەیەوە، ئەوە بە کراوەیی جێدەهێڵێت کە ئایا دەتوانێت بەشێوەیەکی ئەکادیمییانە گۆرانیبێژان پێبگەیەنێت و گۆرانکاری بکات لەو تەوژمەی ئەمڕۆ هونەری کوردی بە گۆرانیبێژانەوە بەخۆیەوە دەبینێت.